# خوا بتــگریٚ بەکر شوانی، یەك تۆزی مابوو ڕەئم بگۆڕیٚ.

حاجی ئەنوەر

٩ / ٣ / ٠٣

سیٚ چوار ڕۆژبوو هەر دمویست ئەو ڕۆژنامانەی تورکیا کە هاوڕێی خۆشەویستم کاک بەکر شوانی وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بیخوێنمەوە، لە بەر کەم کاتی بۆم نەدەکرا. خۆزگە ئەوخۆشەویستانەی کە زمانی تورکی دەزانن و دەتوانن کاری وەرگێڕان بکەن قوسوریان لە و کارە گەورەو سود بەخشە نەدەکرد، کە بە ڕاستی خزمەتێکی گەورەیە. لە کاتی خوێندنەوەی ٢٧. ٢ ـ ٧. ٣ دا ئەو ووشانەی کە لە بەرژەوەندی خەلکی کورد بوو زۆر بە زەقی و بە پەلە بەر چاوم دەکەوت. ناسیونال شۆڤێنیستە تورکەکان چۆن لە شیان داهێزراوە بە دروست بونی کیانێکی کوردی، چۆن ڕۆژنامەو عەسکەرو تۆپ و تەیارەیان خستوەتە خزمەتی نەپشکوتنی خونچەی هیوای گەلێکی بەشمەینەتی وەک کورد. بۆ ئەوەی قسەکانم دوورو درێژ نەبێتەوە وەرگێڕراوەکانی هاوڕیٚ بەکر دووبارە ناکەمەوە، ئەوەندە هەیە شۆڤێنیستەکانی تورک گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە دەولەتی کوردی بوە بە ڕاستیەک وەک عەرەب دەلێن ( لامحال لە) ئەم واتێگەیشتنەی تورکەکان بۆ زۆربەی زۆری مرۆڤی کورد مایەی خۆشحالیە و دانپیانانی دوژمنە بە حەتمیەتی ئەو ڕاستیە لەوانەیە من و تۆش دوور تر بۆ ئەو ڕاستیە بنوارین بەلاٚم ئەوان و بە پێی قسەکانیان ناگاتە چەند مانگێکی کە.

لە پڕ هەستم بەتاوانێک کرد قسەی ئەو برادەرم کەوتەوە خەیال کە دوێنیٚ دوای نیوەڕۆ لە خۆپیشاندانەکەدا

پێیووتم هەق نیە ئێوە وابن ئەو هەمو زەحمەت و خەباتەی خۆتان بە فیرۆ ئەدەن و دژایەتی کورد دەکەن. . نا من دژایەتی کورد ناکەم و بەلای خۆشمەوە وایە کەیەکێکم لە کوردە دلسۆزەکان و هەولیشم بۆ داوە. . ووتی ڕاستە، منیش وەک تۆ پێشمەرگە بووم بەلاٚم من دژایەتی یەکێتی و پارتی قەد ناکەم و پشتیوانیان دەکەم چونکە ئەوان نوێنەری گەلی کوردن و هەمو ژیانی خۆیانیان داناوە لە پێناوی ئەو گەلەدا. . نا کاکە گیان جیاوازیەکەی من و تۆ ئا لە وەدایە ڕاستەکەیت هەردوکمان پێشمەرگە بووین بەلاٚم من پ. م یێکی ڕەخنە گر بووم و کارە خراپەکانم قبول نەکردوە وە هەرگیزیش پشتیوانی کاری خراپیان ناکەم. . ووتی ڕۆژێک دێت پەشیمان ببیتەوە و دلسۆزی ئەو دوو حیزبەت بۆ دەردەکەویٚ کە هەرچی تاکتیکی دنیایە بەکاری دەهێنن لە پێناوی سەربەخۆی کوردستاندا. ( ( بەلیٚ ئێوەش باش تەماشا بکەن، ئەی ئەوانەی مێژوو و سۆزی سەربەخۆیی و داهاتوی ئەم میللەتەتان لە (کورسی پلەوپایەدا) بەرجەستە کردوە. . . .

لە سەر کورسیەکانتان هەستن و باش سەیری وێنەی ئەو غـفلەتە بکەن کەتێی کەوتون) ) .

ڕۆژنامەی ستار٢/٠٣/ ٢٨ وەرگێڕانی بەکر شوانی، کوردستان نێت.

ئەو وەرگێڕانەی کاک بەکرم چەند جارێک خوێندوە و هەستم بەوە دەکرد ناسیونال شۆڤینیستەکانی چەندە خۆیان بەوە دەزانن سوکایەتیان پێکراوەو چەندە ئازار دەچێژن خۆیان بە تاوانلێکراوێکی گەورە دەزانن.

چونکە ئەوان دان بەوەدا نانێن کە شتێک بە ناوی کوردەوە هەبێت نەخوازەلاٚ وولاٚتیان هەبێت.

لەش داهێزرانی شۆڤێنیستە تورکەکان و قسەکانی ئەو پێشمەرگەیە بەسەرهاتێکی هێنایەوە بیرم قوتابی پۆلی پێنــجی سەرەتایی بوم، سەرتاشی زۆربلێ ی شکسپیرمان دەخوێندەوە کە دەلێت ( لێرەدا بوو کە ڕوسەکان شکان) مامۆستا بۆی باس کردین فەرموی : سەرلەشکرێکی یابان ڕادەکاتە ناولە شکری ڕووسەوە و زانیاریەکی زۆر بە ڕوسەکان ئەدات، لەوماوەیەدا سوکایەتیەکی زۆر بە کەسوکاری ئەو سەرلەشکرە لەلایەن خەلکی یابانی و حکومەتەکەیانەوە دەکرێت. پاش ماوەیەک ئەو سەرلەشکرە لەلایەن لەشکری

یابانەوە دەرفێنرێتەوە بۆ یابان و لە ژێر ناوی تاوانی گەورە دژی بەرژەوەندی گشتی وولات لە سێدارە

دەدرێت. لەشکری ڕووسیش بە پێی ئەو زانیاریانەی کە سەرلەشکرەکە پێی ووتبون هێرش دەکەن، لە بەر ئەوەی زانیاری هەلەی پێدابوون لەشکری ڕوس دەشکێت و لە سەرتاشی زۆر بلێدا دەلێت (لێرەدا بوو ڕووسەکان شکان) . پاش سەرکەوتن وولاتی یابان دلسۆزی و فیداکاری ئەو سەرلەشکرەی بۆ خەلکی ڕونکردەوەو وەک ڕەمزی فیداکاری یابان ناسرا.

کەوتمە دنیای خەیالەوە ڕاست دەکات چەند جارێکی تریش پێم وتراوەئەوەبۆ حەزت بە حیزبە کوردیەکان نیە ؟، بەلاّم کێشە لەوەدایە زۆربەی زۆریان ئامادەنین تاقە فرانکێ یان کاتژمێرێک لە ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کێشەی کورد، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو پرسیارە بێ مانایە، ئەزمونی من وەک کوردێک لە شاخەکاندا، ئەوەندەی دەستەلاّت و پاوانخوازیان بۆ گرنگ بو، کوردیان چارەکی ئەوە بۆ گرنگ نەبو. تۆ بلێی ئەم کردەوانەیان وەک تاکتیکێک و بۆ لە خشتە بردنی داگیر کەرانی کوردستان بێت !!!! تۆبلێی ئەوەندە عاقل بوبن ڕزگاری کورد بوبێت بە ئامانج و ئەو دوژمنە درندانەیان خلەتانبێت !! من غەرق بووی بیری چەپی و کرێکارو هەژارو ڕەشو ڕوتم و ئەوان بەرژەوەندی گشتیان دەوێت بۆیە ئەو پێشمەرگەیە ووتی پەشیمان دەبیتەوە !!!. نا با چایەک بخۆمەوە و پشویەک بدەم تا بتوانم بە ووردی بیر بکەمەوە.

ویستم چاوێکی کورت بە کوردستان نێتدا بگێرِم لە پردەنگی مامۆستا عەبدوللە پەشێوهاتە گوێچکەم

ووتم نا ئەمانە هەرگیز نابنە ئەو سەرلەشکرە یابانیە. کای کۆن بە باکردن تاوان نیە، ئەوانەی کە بە تاوانی دەزانن نایانەوێ سوود لە ڕابردومان وەربگرین ئەوانە کاسە لێسی حیزبن و برِوایان بە هێزی گەلەکەمان نیە، هەندێکیان بەرژەوەندیان هەیە و بە گۆڕانی شوێنی بەرژەوەندیەکەشیان سەنگەرەکانیشیان دەگۆڕن، هەندێکی تریشیان بێئاگایانە ڕەدوو کەوتون. نیمانە کای کۆن نەزانێت هەریەکەو شتێکی لێدەزانین، ئەوەی کەهەمومان نایزانین ئەو هەمو پەیمانانەیە کە لە گەل وولاتانی دراوسێ دا مۆریان کردوە. ببورە کاک بەکر شوانی خوا خۆم بگرێت کە خوێندنەوەی وەرگێڕانەکانت کەلەکە بوبو لە سەرم لە مەو لا ڕۆژانە دەیخۆنمەوە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**